# ئەگەر یەکێکتان هەستی بەشتێک کرد لە سکیدا، تووشی گومان بوو ئایا هیچ شتێکی لێوە دەرچووە یان نا، ئەوا با لە مزگەوت دەرنەچێـت هەتاوەکو دەنگێک دەبیستێت یان بۆنێک دەکات

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان هەستی بەشتێک کرد لە سکیدا، تووشی گومان بوو ئایا هیچ شتێکی لێوە دەرچووە یان نا، ئەوا با لە مزگەوت دەرنەچێـت هەتاوەکو دەنگێک دەبیستێت یان بۆنێک دەکات».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە ئەگەر نوێژخوێن هەستی بەشتێك كرد لەسكیدا، وگومانی لا دروست بوو ؛ ئایا هەوای لێ دەرچووە یان نا؟ نابێت نوێژەکەی ببڕێت ودەستنوێژ بگرێتەوە ؛ هەتاوەکو دڵنیا دەبێت کە دەستنوێژەکەی شکاوە، ئەمیش بەوەی دەنگ ببیستێت یان بۆن بکات، چونکە گومان دڵنیایی هەڵناوەشێنێتەوە، ئەو دڵنیایە کە دەستنوێژی گرتووە وشکانی دەستنوێژەکەی جێی گومانە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65083

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee